دەزگای ڕۆشنبیری شەفەق

# حاجیلە


٥
تشرینی دووەم ٢٠١٠
بۆ تەمەنی ٩ تا ١٤ ساڵ


گوڵی حاجیلەکانی دەشتی هاموون
نەکەی بیدەی بە نێرگیز جاری گەردوون

حاجی قادری کۆیی





## بێچووی ئاژەڵان

زۆر حەز لە سەیرکردن دەکەم.
یەکەمین شتیش کە لە من سەرنجتان بەکێش بکات چاوە مووروویینە خڕەکانم و ئەو پەڵە ڕەشانەی ناویانن.
دەزانن من بەچکەی کێم؟
لەیمۆر دایکی منە و کاتێ بەیەکەوە ڕێ دەبڕین و ماندوو دەبم لەسەر پشتی خۆیم دەنێت و هەڵمدەگرێ.

ئا : زەریف





## گیلدەر رۆز

**نیشتمانی** ئەم گوڵە ئەوروپا و باکوری ئاسیایە و، لە ساڵی ١٥٩٤ـەوە لە هۆڵەندا دەچێنرێت.

لە ئینگلیزییەوە : بابی هیوا – کەرکووک





## بۆ کۆواری حاجیله

**بناڤێ** خودێ مەزن و دلۆڤان
سلاڤ و رێز بۆ سەرجەم ستاڤێ گۆڤارا جوان و رەنگین و پر مفا (حاجیله) یا خۆشتڤی...
ب راستی دەمێ من گۆڤارا هەوە دیتی ئەز مەندەهۆش بووم ب دیزاین و بابەت و سەروبەرێ وێ و کەیفا من زۆر هات چونکی گۆڤارەکا دلڤەکەرە و هندی مرۆڤ بخوینیت چ جار ژێ تێر نابیت و من باوەرە ئەڤ گۆڤارە ژ چ گۆڤارێن بیانی یێن زارۆکان ل سەرانسەری جیهانێ کێمتر نینە و هزر دکەم زارۆک گەلەک حەز ژێ دکەن و مفای ژێ دبینن چونکی گۆڤارێن هۆسا ل کوردستانێ نینن و ئەگەر هەبن ژی زۆر دکێمن.
لێ بابەتێن گۆڤارێ هەمی ب کرمانجیا سۆرانی نە و یا بێ بەهرە ژ کرمانجیا بەهدینی ڤێجا دەمێ من دیتی من بریار دا کو ئەز ژ پارێزگەها دهۆکێ بابەتان بۆ حاجیله بنڤێسم و بابەتێن بەهدینی ژ دهۆکێ بەشدار کەم، پاشی من و ماموستایێ سەرنڤیسەر پەیوەندی ب هەڤدوو کر و خۆشحالیا خۆ بەرامبەر ڤێ پەیوەندیێ دیار کر و هیڤی دارم ب رێکا گۆڤارا حاجیله زارۆکێن دهۆکێ و هەڤلێرێ و سلێمانیێ و کەرکۆکێ هەڤدوو بنیاسن و ببیتە دەرگەهەک کو هەڤاڵینیێ دناڤبەرا وان دا پەیدا بیت.

هەڤاڵێ هەوە
هێژا وەیسی/دهۆک



شیعر

## پاسکیلەکەم

سەبا هەڵەبجەیی – هەڵبجە



پاسکیلەکەم زۆر جوانە
لێی دەخورم ئازایانە
دامناوە قردێلەی سوور
هەتاکو دیار بێ لە دوور
لەگەڵ هاورێکانمدا
هەرکەس هی خۆی بەجیا
دەیانبەینە یەک جێگا
تاکو دووربین لە بەڵا
پێیان دەکەین پێشبرکێ
تا دنیا تاریک دەبێ
ئەوسا دەیبەمەوە ماڵ
بەوە زۆر دەبم خۆشحاڵ

## منداڵێکی ڕۆح شیرین

ئەحمەد سەلام – سلێمانی

کچەکەم زۆر نازدارە
تاقە گوڵی ناو شارە
شیرینە ئەڵێی شەکرە
سپییە وەکو بەفرە
خۆشم دەوێ پڕ بەدڵ
لەناو دڵما بۆتە گوڵ
لەشی سووکە وەک ئاسک
ناسکە. ئەمان ناسک
بەناو ماڵا ڕادەکا
یاریم لەگەڵا دەکا
دنیا بەوەوە گەشە
بێ ئەو. دنیام لا ڕەشە
وەک گەشاوە بێ زەمین
بۆ منداڵی ڕۆح شیرین





## فەرهەنگی حاجیلە

بێلان – کەرکووک

ئەنیمەڵ animal : ئاژەڵ

ئاژەڵ بەو شـــتە دەڵێن کە گیانـــدارە و دەتوانێ هاموشـــۆ بکات و ڕووەک نەبێت. تووتی و فیل و مێشهەنگ و ماسی و خەڵک ئاژەڵن.

ئەنکل ankle : پاژنە

پاژنەت ئەو شوێنەی لەشتە کە کەوتووەتە نێوان لاق و پێت.

ئەنناون announce : ڕاگەیاندن، ئاشکراکردن

ڕاگەیاندنی شـــتێک ئەوەیە بەهەموو کەســێکی بڵێیت.

ئەننۆی annoy : سەخڵەتی کرد

ســـەخڵەتکرد یان جاڕســـکردن مانـــای ئەوەیە توورەت بکەن.

ئەنسەر answer : وەڵامی دایەوە

وەڵامدانەوە ئەو شتانەیە کە دوای ئەوەی یەکێک پرسیار دەکات تۆ پێی دەڵێیت.

ئەنت ant : مێروولە

مێروولـــە، مێروویەکی بچووکـــە و، بەژمارەی گەورە بەیەکەوە لە شارەمێروولەدا دەژین.



## داینەسۆر

ئا: دانیار – هەولێر

گیانەوەرێکی گەورە و زەبەلاح بوو، ٦٠ ملیۆن ساڵ پێش ئێستا لەسەر گۆی زەوی داینەسۆر دەژیا.

وشەی داینەسۆر وشەیەکی یۆنانییە بە واتای (مارمێلکە ترسناکەکان). زانایان دەڵێن داینەسۆر لە جۆری خشۆک بووە و گیانەوەرێکی هێلکەکەر بووە. بەشێکیان لە وشکانی دەژیان و بەشێکیان لە ئاو، زانایان دەڵێن نزیکەی هەزار جۆر داینەسۆر هەبووە کە هەندێکیان گۆشتخۆر بوونە بەڵام بەشی زۆریان ڕووەکخۆر بوونە هەندێک جۆری دەینەسۆر درێژییان دەگەیشتە ١٩ مەتر و کێشیان دەگەیشتە ٥٠ تۆن.

## پەنجەمۆر

دایکی مینا – کەرکووک



کۆرپەڵە لە چوار مانگدا، پەنجە مۆری جێگیر دەبێت و ناگۆڕێ، بۆیە سەلمێنراوە، مەحاڵە پەنجەمۆری کەسێک وەکو پەنجەمۆری کەسێکی تر بێت، لە هەر شوێنێک بێت لەم جیهانەدا، تەنانەت ئەگەر جمگ بن و لەیەک هێلکەدا جیا بووبێتنەوە، بۆیە پەنجەمۆر کەسایەتیی جیاوازت دەسەلمێنێ.



## خەوتنی باڵداران

خەڵات خەسرەو –بازیان

**هەموو** جۆرێک لـــە زیندەوەر بەشـــێوەیەکی تایبەت بەخۆی دەنوێت.

بەڵام نووســـتن لە دنیای باڵداراندا تایبەتمەندیی خۆی هەیە...

هەندێ لە باڵداران بەدەم فڕینەوە لە ئاسمان دەخەوێت، لە کاتی گەشتی درێژی کۆچی وەرزانەدا... ئەم باڵدارانە لەو کەشتانەدا ماوەی هەزاران کیلۆمەتر دەبڕن و هەر بەئاســـمانەوەن و نانیشنەوە ســـەر زەوی، یەکێک لەو باڵدارانەی بەئاسمانەوە دەخەون پەرەسێلکەیە...

لە کاتی ئاساییشدا هەر باڵدارێک لەو شوێنەدا دەنوێت کە پێی وایە ئارامە. هەندێکیان لەســـەر زەوی دەخەون و، هەندێکیان لە کونـــی داردا دەنوێت و، هەندێکیان لە ئەشکەوتدا خەوی خۆی دەکات.

گەلێـــک لە جارەکانیـــش، باڵداران بەکۆمـــەڵ دەنوون، ئەویش بۆ دابینکردنی گەرمی و هەستکردن بەئارامییە، لەبەرئەوەی باڵدارێک ئەگەر بەتەنیا بنوێت ئەوا ڕەنگە بەئاسانی ببێتە نێچیری درندەیەک یان باڵداری تری لە خۆی بەهێزتر، بەڵام کاتێـــک بەکۆمەڵ دەخەون زیاتر ئارام دەبن.





## ئەشکەوتی جاڵجاڵۆکان

زایەر زەنگنە–گوندی قوجەلار

**هەرگیز** بە بیـــری کەس لە ئەندامانی ئەو تیمە زانایەی سەردانی یەکێ لە ئەشکەوتەکانی مەکسیکیان کردبوو نەدەهات، کە جۆرە جاڵجاڵۆکەیەکی نایاب بدۆزنەوە تا ئەو دەمەی بەلاقی یەکێ لە کارمەندانی تیمەکەدا نووسا و زیرەی لێ بڵند کردەوە.

کارمەندەکە پری دایە بیکوژێت بەڵام یەکێک لە زاناکان هاواری لێ کرد:

– نەیکـــوژی ئەوە جۆرێکـــی دەگمەنـــی جاڵجاڵۆکەیە پێویستە توێژینەوەی لەسەر بکەین.

ئـــەم جـــۆرە جاڵجاڵۆکانـــە جیـــاوازن لەگەڵ شـــێوە ناســـراوەکانی ئەو جاڵجاڵۆکانەی لە سەر زەویدا هەن، کە هەشت چاویان هەیە و لەشیان بە موو داپۆشراوە. ئەمان شێوەیەکی ترسناکیان هەیە بەڵام گاز لێگرتنیان بێجگە لە ئازارێکی کەم و هەوکردن هیچ مەترسییەکی نییە.

زانایان دەڵێن لەبەر ئەوەی ئەم جاڵجاڵۆکانە بە سەدان ساڵە لەم ئەشـــکەوتەدا دەژین بۆیە پێویستیان بە چاو نەماوە و لە جێگەی ئەوە پشت بە ئامرازێکی هەستیار دەبەستن کە شوێن چاوی بۆ گرتوونەتەوە.

## باخچە هەڵواسراوەکانی بابل

کارۆخ کارزان–سلێمانی



**کۆشـکێکی** ســـەیرە، نەبوخوز نەســـری پاشـــای بابل بـــۆ (ئەمانیس)ی خێزانی دروســـتی کردووە، لەبەر ئەوەی ئـــەم «ئەمانیس»ە خەڵکی ناوچە شـــاخاوییەکان بووە بۆیە پاشا ئەم کۆشـــکەی بۆ دروست کردووە کە لە بنەڕەتدا بریتییە لە چەند نهۆمێک و هەر نهۆمێکیش چواردەوری بە باخچە گیراوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی کەش و ئاو و هەوای ئەم کۆشـــکە وەک ئاو و هەوای ناوچە شاخاوییەکان بێت، ئەم کۆشکە بەر لە سەدەی شەشەمی زایینی دروست کراوە.

# سەندرێللا

ئا: ئاشتی - پردێ





لــە یەکــێ لــە وڵاتان، بێوەژنێکــی دەولەمەند دەژیــا. بێوەژنەکــە دوو کچــی ناشــیرین و خراپــەکاری هەبــوو. کات هــات و کات چوو بێوەژنەکــە شــووی بە پیاوێکی دەولەمەند کرد کە کچێکــی زۆر جوان و خوێنشــیرینی هەبوو.

دوو کچە ناشــیرینەکە دڵیان پڕ بوو لە ئیرەیی بەرامبــەر بــە کچــی باوەپیارەکەیــان و، گەلێک بەخراپی لەگەڵی هەڵســوکەوتیان دەکرد. تەنانــەت ناچاریــان دەکرد جلوبەرگی شــر و ناشیرین لەبەر بکات.



کچــە جوانکیلەکە زۆربەی کاتی خــۆی بەدیار ئاگردانەکەوە بەســەر دەبرد، بۆیە بەردەوام خۆڵەمێشی لێ دەنیشت و، بۆیە کچە ناشیرینە ئیرەییبەرەکان بۆ گاڵتە پێ کردن ناویان نا (سەندرێللا) واتا کچی خۆڵەمێش.



ڕۆژێکیان، بانگدێری کۆشکی شا، بانگی ڕادێرا کە میر ئاهەنگێکی گەورە بەدرێژایی شــەو ڕێک دەخات و، لــەو ئاهەنگەدا لە نێــو کیژۆڵەکانی شانشــینەکەیان کچێک هەڵدەبژێرێت و دەیکاتە هاوژینی خۆی.



یەکســەر دوو خوشکە ناشــیرینەکە دەستیان کــرد بەخۆئامادەکــردن بۆ ئــەو ئاهەنگە و، فەرمانیان دەدا بە سەندرێللا کاریان بۆ بکات.

شــەوی ئاهەنگەکە، ســەندرێللا دای لە پرمەی گریان، چونکە زۆر حەزی دەکرد لەو ئاهەنگە بەشدار بێت.



ئەوەنــدەی نەبرد و لە نــاکاو جنۆکەیەکــی بچکۆلانەی لــێ دەرکــەوت، کــە بەرگێکــی پەمبەیی پۆشــیبوو. بەســەندرێللای وت: من هاتووم ئارەزووەکانت جێبەجێ بکەم.



جنۆکەکە کوولەکە زەردەیەکی هێنا و، جرج و مشکەکانی بانگ کرد و چاوی نووقاند، ئای لەوە! خۆ کوولەکەکە بووە گالیسکەیەکی گرانبایی و مشکەکان بوونە شەش ئەسپی سپی و جرجەکە بووە عارەبانچی.



هەموو شتێک بەتەواوی جێبەجێ کرا، تەنیا یەک شت ماوە، کە گرینگترین شتێکە، کراسە شرەکەی بەری سەندرێللا بوو بە کراسێکی زۆر جوان بە ڕەنگێکی شینی ئاسمانی و کۆمەڵێ خشڵ و گەوهەری نایابەوە. پێڵاوەکەشی پێڵاوێکی بلوورین بوو.



ئینجا جنۆکەکە بە سەندرێللای وت: ئێستا بڕۆ بۆ ئاهەنگەکە، بەڵام لەبیرت نەچێ لەگەڵ نیوەشەودا هەموو شتێک وەک خۆی لێ دێتەوە.
سەندرێللا زۆر سوپاسی جنۆکەکەی کرد و سواری گالیسکەکە بوو و بەدڵێکی زۆر خۆشەوە بەرەو کۆشکی شا کەوتە ڕێ.



میر، کە چاوی بەسەندرێللا کەوت، یەکسەر دڵی کەوتە سەری و، بەیەکەوە تێر سەمایان کرد، تا درەنگی شەو.



بەڵام هەر کە نیوەشەو هات، سەندرێللا بەپەلە ڕای کرد، بەڵام پێی لە پلیکانەیەکی بەردەم کۆشکەکە هەلکەوت و تاکێ لە جووتە پێڵاوە بلوورینەکەی لە پێی داکەنرا. میر ئەو تاکە پێڵاوەی دۆزییەوە و لای خۆی گلی دایەوە.



بۆ دۆزینەوەی خاوەنی پێڵاوەکە، میر فەرمانی دا هەموو کچانی شانشینەکە پێڵاوەکە تاقی بکەنەوە، پێڵاوەکە بۆ پێی کەس نەبوو بۆ پێی سەندرێللا نەبێ. میر گەلێک بەمە دلشاد بوو و بڕیاری دا یەکسەر ژیانی هاوسەری لەگەڵ سەندرێللا پێک بهێنێت.

# چیرۆکی سێوەکەی مام نیوتن

ئا:سارە بەکر – کەرکووک



**لە** ڕۆژێکی پایزی ساڵی ١٦٦٦ دا، زانای بەناوبانگی بەریتانی ئیسحاق نیوتن لە باخچەی ماڵەکەیدا دانیشتبوو چای دەخواردەوە، سێوێکی بینی لە دارسێوەکەوە کەوتە خوارەوە و بەر زەوی کەوت.

کەوتنەخوارەوەی ئەو سێوە وای لە نیوتن کرد بیر بکاتەوە و بپرسێ، کە ئەو سێوە بچووکە کەوتەخوارەوە، ئەدی بۆچی ئەو مانگە گەورەیە لە ئاسماندا جێگیرە و ناکەوێتەخوارەوە؟!

نیوتن زۆر لە مانگەکە ڕاما و پرسیارەکەی دووبارە دەکردەوە، دووای لێکدانەوەیەکی زۆر گەیشتە ئەو ئەنجامەی بڵێت: سێوەکە و مانگەکەش هەردووکیان دەکەونە ژێر کاریگەریی هێزێک، کە پێی دەگوترێت هێزی کێشکرنی گشتی.

کەوتنەخوارەوەی سێوەکەش بارێکی تایبەتی هێزی نێوان ٢ تەنی دیاریکراوە و بەکەوتنەخوارەوەکەشی دەگوترێت: کەوتنەخوارەوەی سەربەست.

پاشان نیوتن، سروشتی ئەو هێزەی نێوان تەنەکانی دۆزییەوە و لە یاسایەکدا دایڕشت، و گوتی: هەموو ٢ تەنێکی گەردوون بەهێزێک یەکتری کێش دەکەن، کە ڕاستەوانە لەگەڵ بارستەکانیان و پێچەوانە لەگەڵ دووجای دووریی نێوانیاندا دەگۆڕێت، بەهێزەکەش دەگوترێت: هێزی کێشکردن، کە تا ڕادەیەکی زۆر بە هێزی کێشکردن نێوان ٢ بارگەی کارەبایی دەچێت.

نیوتن لە ساڵی ١٦٤٢ لەدایک بووە و لە ساڵی ١٧٢٧ کۆچی دووایی کردووە، ٣ یاسای گرینگی لە فیزیادا داناوە، کە بە ٣ یاساکەی نیوتن دەناسرێنەوە.

# ناوی کچانەی نوێ

ئا: زەردەشت نوری – چەمچەماڵ

**ئاتوون** : مامۆستای ئافرەت

**ئاژین** : درشت، زبر

**ئالاڤ** : مراز، ئاوات، خواست

**ئارێنە** : چیمەن

**ئێڤار** : ئێوارییەیەکی درەنگ

**ئاژان** : ئازاری ژنان، پاسەوان

**ئاڤژەن** : بەلەم لێخوڕ، مەلەوان

**ئارمان** : ئومێد، هیوا

**ئارمانج** : مەبەست، نیاز

**ئاسۆس** : ناوی شاخێکە

**ئالیا** : گوڵ خونچە

**ئانا** : دایک

**ئانیا** : پەرۆش

**ئاشکرا** : پەنی، دیار

**ئامێز** : باوەش، هامێز



# ئەسکیمۆ

ئا: خالید عەبدل – چەمچەماڵ



نیشتمانی ئەسکیمۆ دەکەوێتە جەمسەری باکورەوە و پێی دەگوترێ ئالاسکا. ناوچەیەکی ئەوەندە ساردە لەوان زیاتر هیچ گەلێکی تر ناتوانێ لەوێ بژیت، ناوی ئەسکیمۆ لە وشەیەکی هیندی و ئەمەریکی وەرگیراوە، واتە خواردنی گۆشتی کاڵ، یان ئەوانەی بە زمانێکی سەیر قسە دەکەن. ئەسکیمۆکان لە ڕەنگدا جیاوازن باڵا کورتن، سەریان پانە، ڕووخساریان خڕە، ڕەنگیان زەردێکی تێرە، قژیان ڕەشێکی خاوە، قاچەکانیان ئەستوور و کەمێ چەماوەن. زۆر بە زەحمەت جیاوازی دەکەیت لە نێوان ئافرەت و پیاویاندا، چونکە پیاویان زۆر کەم ڕیش دەردەکەن. ئەسکیمۆکان لە شێوەی خێڵدا دەژین. هیچ کات خۆیان ناشۆن، بەڵکو جەستەیان بە بەز چەور دەکەن، ئەوەش بۆ ئەوەی سەرمایان نەبێت. وەک خۆمان کاتی دیاریکراویان نییە بۆ نان خواردن، هەرکاتێ مەودایان هەبێ نان دەخۆن. ئەسکیمۆکان پشت بە ڕاوە ماسیی و ڕاوی سەگلاوی و ورچ و ڕێوی دەبەستن، سوود لە گۆشت و فەروە و بەزەکانیان وەردەگرن.

# خەڵات



دەڵێن جاڵجاڵۆکە کە لەدایک دەبێت دایکی خۆی نابینێ. و دووپشک دایکی و کیسەڵ دایک و باوکی. بۆ؟

# مەتەڵ

عوسمان دەروێش شکور– کەرکووک

تەنیا لە سێ پیت پێک دێ
دوای ڕۆژ ئاوا بوون ئەو دێ
دەڵێ دەی کۆ ببنەوە
لە ماڵ یەک بگرنەوە
کە من هاتم بسرەون
پشوودەن و بخەون
چییە بە فەرمانی ئەو؟
هەموو چاو دەنێینە خەو

# ڕیفراندۆم

ئەستێرە فەهمی – هەولێر

ڕاپرسی یاخود ڕیفۆاندۆم ڕا وەرگرتنی ڕاستەوخۆی ئەندامانی ڕێکخراوێک، یان کۆمەڵێکە بۆ دەنگدان لەسەر بابەتێکی سیاسی، کە ڕکابەران و نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن. یەکەم جار تەنیا بۆ دانانی یاسا ئەم جۆرە دەنگدانە دەکرا، لە ساڵی ١٨٣١دا بۆ یەکەمین جار هەڵبژاردن کرا، دوای ئەوە بۆ هەر کارێکی پێویست وەکو یاسادانان و ئەم جۆرە کارانە ڕیفراندۆم دەکرا. دوو جۆر ڕیفراندۆم هەیە: ڕیفراندۆمی زۆرەملێ و ڕیفراندۆمی ئارەزوومەندانە.

جۆری زۆرەملێیەکە بەزۆری بۆ دانانی یاسای بنچینەیی وڵاتە، جۆرەکەی تریش لەسەر ویست و داخوازی خەڵکەکەیە.

## چیرۆک

# باڵەفر



حەمید خالید کەریم-کەرکووک

مامۆستای شۆخ بەروویەکی خۆشەوە تەماشای کردین و گوتی: نازدارەکانم... ئەمڕۆ باسی باڵەفرتان بۆ دەکەم. دلۆڤـان.. باڵەفر بۆ سـوودی مرۆڤ دروسـت کراوە، هەموو ڕۆژێک سـەدان کەس و بۆ چەندین مەبەست بەسـواری باڵەفر، هامووشـۆی وڵاتانی جیهان دەکەن. هەر هەموومان حەز دەکەین سواری ببین و لە پەنجەرە خنجیلانەکەیەوە تەماشـای شـارە جوانە جیاجیاکانی وڵاتان بکەین.

کارزان دەسـتی بـەرز کـردەوە و گوتی: مامۆسـتای هێژا، دایک و بابم ئەمسـاڵ بە باڵەفر چوون بۆ گەشت، مامۆستا مامۆستا.. ئومێدی دراوسێمان لە نەرویجەوە بە باڵەفر هاتەوە.

مامۆسـتا گوتی: گوڵەکانم برایانـی ڕایت، کە خەڵکی شـاری (کارۆلینـا)ی ئەمەریـکا بوون، هـەر لە تاقی منداڵییـەوە، حەزیـان دەکرد وەکو باڵندە بە ئاسـماندا بفرن، تاوەکو توانییان لە ساڵی ١٩٠٣ دا، واتە پێش ١٠٧ ساڵ و لە کەرەستەی ساکار باڵەفرێک دروست بکەن، منداڵینە پەروانەی باڵەفر، بە ماتۆرێکی بەنزین دەخولایەوە، بۆیە باڵەفروانەکە ناچار بوو، لەسەر سک درێژ بێت و باڵەفرێک بە ئاسماندا بفڕێنێت.

ئـای چەند خۆشـە منداڵینە، مـرۆڤ بتوانێت ئاوات و ئارەزووەکانی خۆی بێنێتە دی.

خۆشەویسـتان، توانییان بـەو باڵەفرە بـە درێژایی ٣٦٠ مەتر، وەک باڵندە بە ئاسـماندا بفرن، بەڵام ئێستا سەدان جۆری باڵەفری تازە و بەهێز هەیە و بۆ گەلێک مەبەست و کاری پیرۆز دروست دەکرێت.

ئەوان تەنیا بـڕوا و متمانەیان بەخۆ هەبوو، بۆیە توانییان ویسـت و ئارەزووەکانیان بەدی بهێنـن و وەک باڵندە بە ئاسـماندا بفرن.. ئێوەش بڕوا و متمانەتان بەخۆ بێت، دڵنیام وەکو برایانی ڕایت زۆر شت دادەهێنن.

## لەو سێیانە یەکیان هەڵبژێرە

سروە حوسێن -کەرکووک

× **کام لەم گیاندارانە کەڕە؟**

- مار
- مشک
- دووپشک

× **بەچکە کۆتر دوای چەند هەفتە دەتوانێت بفڕێت؟**

- دوو هەفتە
- سێ هەفتە
- چوار هەفتە

× **ژمارەی وڵاتانی عەرەب چەندن؟**

- ٢٢ وڵات
- ٢٣ وڵات
- ٢٤ وڵات

× **مووی سەر، مانگانە چەند سەنتیمەتر درێژ دەبێت؟**

- ١ سم
- ½ سم
- ¼ سم

× **بەرگری کردن لە گەلێک، کتێبی کێیە؟**

- عەبدوڵڵای حەسەن زادە
- عەبدوڵڵا ئۆجەلان
- عەبدوڵڵا پەشێو



## نیشانەی (✓) و (X) لە کۆتای ئەم ڕستانەدا دابنێ

نارنج نەریمان - سلێمانی

١- پشیلە ٣٠ دانی هەیە.

٢- دەستی مرۆڤ ٢٧ ئێسکی تێدایە.

٣- زمانی زەڕافە ٣٠ سانتیمەتر درێژە.

٤- کۆتر دوو هێلکە دەکات ماوەی ١٥-٢٠ ڕۆژ لەسەری کردەکەوێت.

٥- چاوی وشتر سێ پیلووی هەیە.

٦- کیسەڵ لە کۆمیشەوە هەناسە دەدات.

٧- شاری هەولێر ٤١٤ مەتر لە ئاستی دەریاوە بەرزە.

٨- بە وڵاخی بەرزە دەگوترێت یەک سم.

٩- مریشک لە ڕۆژێکدا تەنیا یەک هێلکە دەکات.

## خێرایی گیانلەبەران

مژدە محەمەد-خورماتوو

- خێرایی حوشتر لە سەعاتێکدا ١٦ کیلۆمەترە
- خێرایی فیل لە سەعاتێکدا ٤٠ کیلۆمەترە
- خێرایی زەڕافە لە سەعاتێکدا ٥٠ کیلۆمەترە
- خێرایی کەروێشک لە سەعاتێکدا ٧٠ کیلۆمەترە
- خێرایی ئاسک لە سەعاتێکدا ٨٠ کیلۆمەترە
- خێرایی شێر لە سەعاتێکدا ٩٥ کیلۆمەترە

## بەخێرایی وەڵامی ئەمانەی لای خوارەوە بدەرەوە

سوعاد عەبدوڵڵا-سلێمانی

- ژنی ئامۆزا چیی پێ دەگوترێت؟

٢- ژنێک بە برای مێردەکەی دەڵێت چیم دەبێ؟

٣- ژنێک بە خوشکی مێردەکەی دەڵێت چیم دەبێ؟

٤- دوو ژن ژنی دوو بران، چییان پێ دەگوترێت؟

٥- برایەک بەس لە دایک بێت، چی پێ دەگوترێت؟

٦- پیاوێک بە دایکی ژنەکەی دەڵێت چیم دەبێ؟

٧- باوکی تۆ بە خاڵت دەڵێ چیم دەبێ؟

٨- باوکی تۆ بە ژنی مامت چی دەڵێت؟

٩- پورت بە باوکی باوکت چی دەڵێت؟

١٠- ژنێک بە خوشکی مێردەکەی دەڵێت چیم دەبێ؟



## بۆچی ئاوی دەریاکان وشک ناکەن

هێلین عومەر – سلێمانی

چۆم و ڕووبار و گۆماوەکان بەشـێوەیەکی گشتی لە وەرزی هاویـنـدا وشـک دەکـەن لـە ئەنجامـی کەمبوونەوەی ئاوەکانیـان و کـرداری بەهەڵم بووندا. بـەڵام ئەمە لە دەریاکان ڕوو نادات.

دەریاکان سـاڵانە ملیۆنان مەتری سـێ جا ئاویان لێ دەبێتە هەڵم و ئەو ئاوەش بەشـێوەی بـاران و بەفر و تەرزە دەبارێنەوە لـە ڕێگەی لافاو و ڕووبارەکانەوە جارێکی دی دەگەڕێنەوە بۆ ناو دەریاکان.

ئەم سوورە هەمیشـەییە یارمەتیی مانەوەی ئاستی ئاوی دەریاکان دەدات. زۆر بەسوودە بۆ مرۆڤ چونکە ئاوی باران ڕادەی شێ لە خۆڵدا دەپارێزێت و ئەمەش یارمەتیی گەشەسەندنی ڕووەک و بەرووبوومی کشتوکاڵی دەدات و بەبێ بوونی سووڕی ئاو لە سروشتدا ژیان لەسەر زەویدا نامێنێت.



## پێبکەنە تا جوانتر بیت

× پیاوێک دەچێ بۆ دکتۆری چاو، دکتۆرەکە پێی دەڵێ: چاوت شەش لەسەر شەشە!
پیاوەکەش دەڵێ: قوربان پاش چاوت نەپشکنیوە ئەگینا دە لەسەر دەیە!!

× ژنەکە: پیاوەکە نیوەی تەمەنم دەدەم بەس ئۆتۆمۆبێلێکم بۆ بکری!!
پیاوەکە: گەر بزانم ڕاسـت دەکەیت و نیـوەی تەمەنت بەیەک ئۆتۆمۆبێل دەدەیت، بەڵێنت پێ دەدەم من دوو ئۆتۆمۆبێلت بۆ دەکرم.

× ژن: پیاوەکە هەموو منداڵەکانمان لە منەوە عەقڵیان وەرگرتووە.
پیاو: ڕاست دەکەیت ئافرەت چونکە من عەقڵم وەک خۆی ماوە.

ئاری لەتیف – کەرکووک

حەوت جاران ئەم ڕستەیە بە پەلە بڵێوە بە بێ وەستان :

**چوومە چەمی چەقەڵان. چەقەڵ چەڵتووکی دەتەقان.**



## بۆچی دوای هـەر ژەمە خواردنێـک وەنـەوز دەدەین؟

بێستوون جەلال – کۆیە



مرۆڤی ئاسـایی نێزیکەی پێنج لیتر خوێن بەناو ئەندامە جیاجیاکانی لەشـیدا هاتووچۆ دەکات. کاتێک ژەمێک نان دەخۆین گەدە پێویستی بە خوێنی زیاتـر هەیە، بۆ هەرس کردنی ئەو خۆراکە. بۆیە زۆربەی خوێنی مێشک دادەبەزێت بۆ گەدە، تا لە هەرس کردندا یارمەتیی گەدە بدات، بەوەش بەشی مێشـک لە خوێن کەم دەبێتەوە و بەو هۆیەوە، چالاکییەکانی مێشک کەم دەبنەوە و دەبێتە هۆی وەنەوزدان و خەو هاتن.

ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی جەسـتە پشـوو بـدات. لەبەر ئەوە زۆر پێویستە دوای هەر ژەمە خواردنێک برێک پشوو بدەین.

## پایەتەخت

نەسرین عەلی – گۆپاڵە

**چەند وڵاتێکی کیشوەری ئاسیا لەگەڵ پایەتەختەکانیان**

| | |
|---|---|
| پاکستان | ئیسلام ئاباد |
| سریلانکا | کۆلۆمبۆ |
| تاجیکستان | دەوشەمبێ |
| ڤێتنام | هانۆی |
| گوریجستان | بیشکک |
| کازاخستان | ئاستان |
| کەمبۆدیا | متۆمبینە |
| مەنگۆلیا | ئولان بانور |
| مالیزیا | کولالامپور |
| نیپال | کاتاوند |
| ئۆزبەکستان | تەشکەند |
| فلیپین | مانێلا |
| مەلدیف | مالیە |
| ئیندۆنیسیا | جاکارتا |
| برۆنای | بەندەرسری بیگاوان |
| تایوان | تاییی |
| تایلاند | بانکۆک |
| لاووس | ڤیانتیان |
| سەنگافوورە | سەنگافورا |



## هەمـان ژمـارە بەرانبەر پێچەوانەکەی بنووسە

گەشاو نوری – لەیلان

| | |
|---|---|
| ١١- گەش بین | چاوتێر |
| ١٢- کراوە | هەمیشە |
| ١٣- هەرگیز | نەخۆش |
| ١٤- تەندروست | دۆڵ |
| ١٥- لەز | باشوور |
| ١٦- باکور | نەوی |
| ١٧- چیا | ڕەشبین |
| ١٨- بڵند | داخراو |
| ١٩- زبر | نەرم |
| ٢٠- چاوبرسی | خاو |

# ڤایرۆسی کۆمپیوتەر چییە؟

شادان جەبار- چوارقورنە

ڤایرۆس ئەو پرۆگرامانەن، کە سیخورین و فایلەکان تێکوپێک دەدەن و، زیان بە هارد دیسکی کۆمپیوتەر دەگەیەنن و، داتا گرنگەکان بۆ شوێنی مەبەست دەگوێزنەوە. ڤایرۆس بە فلاش و ئامێرەکانی گواستنەوە، یان ئینتەرنێت دێت، کە ئەم رێگەیەیان زۆر ترسناکە و پێویستە ئەو ئیمەیلانە نەکەینەوە کە خاوەنەکانیان ناناسین.



نیشانەکانی: کۆمپیوتەرەکە خێرایی دادەبەزێ، هەندێک جار ئۆتۆماتیکی سایتێک دەکاتەوە، یان کاتێک دەکوژێتەوە! هەڵدەبێتەوە یان فایلێک دەکەیتەوە تەماشا دەکەی تێکچووە.

چۆن لە ڤایرۆس رزگارمان دەبێت؟ پێویستە خۆمان تووشی خەمۆکی و دڵەراوکێ نەکەین و، وا بیر نەکەینەوە ئیدی ڤایرۆس دەتوانێ هەموو زانیارییەکانی نێو کۆمپیوتەرەکە کوێربکاتەوە. سەرەتا دەبێت پرۆگرامی ئەنتی ڤایرۆس لەسەر کۆمپیوتەرەکە دابنێین و، تاقیی بکەینەوە. کە کۆمپیوتەرەکە لە ڤایرۆس خاوێن بووەتەوە، دواتر ریستارتی بکەین و جارێکی دی ئەنتی ڤایرۆسی لێدەینەوە، کە لیستی ڤایرۆسەکان بەتاڵ بوو ئەوە دیارە سەرکەوتوو بووە، بەپێچەوانەوە! نیشانەی ئەوەیە، ئەنتی ڤایرۆسەکە ڤایرۆسەکان دەدۆزێتەوە بەڵام نایسرێتەوە. لەم حاڵەتەدا پێویستە فایلەکان بخەینە سەر فلاش یان دی ڤی دی و کۆمپیوتەرەکە فۆرمات بکەین.

مایەوە بڵێین نابێت دوو ئەنتی ڤایرۆس لەسەر یەک کۆمپیوتەر دابنێین چونکە خێرایی کۆمپیوتەرەکە کەم دەکاتەوە و سیستمەکە لەکار دەخا.

# زۆر حەزم بە دووگۆڵییە

دیمانە : نسێ - کەرکووک



ناو: ئاڤان محەمەد نەریمان

تەمەن: ٧ساڵ.

پۆل: دووەمی سەرەتایی.

قوتابخانە: ئەزمر.ئارەزوو: وێنە کێشان.

ئاواتت؟ ئاواتم ئەوەیە لەدوارۆژدا ببم بە مامۆستا.

ئەی وەرزش: زۆر حەزم لە یاریی دوو گۆڵییە.

چیتر؟ پێم خۆشە هەموو کۆوارەکانی منالان بخوێنمەوە و سوودیان لێ ببینم.





## یو پی ئێس UPS

یوپی ئێس ، ئامێرێکی تری پێویستی کۆمپیوتەرە ، لە رێگەی ئەم ئامێرە دەتوانین بۆ ماوەیەکی دیاریکراو وزەی کارەبای پێویست گل بدەینەوە بۆ کاتی بچرانی تەزووی کارەبا . بۆ ئەوەی بەشێوەییەکی رێکوپێک کۆمپیوتەرەکەمان بکوژێنینەوە و تووشی گرفت نەبێت .

جۆرەکانی یوپی ئێس زۆرن ، لە ١٠ خولەکەوە تا ١٠ کاتژمێر وزەی کارەبا دەدەن .



# کۆمپیوتەر

ماردین - سلێمانی

## چەند رێنماییەک بۆ ئەوانەی بەردەوام کار لەسەر کۆمپیوتەر دەکەن

شنۆ ئەحمەد-سلێمانی

کۆمپیوتەر هەرچەند ئامێرێکی بەکەڵک و سوودمەندە، بەڵام ئەگەر بەردەوام کاری لەسەر بکەین ئەوا تووشی چەندین گرفت و کێشەی دەروونی و جەستەیی دەبین لەوانە: ماندووبوونی چاو، ماندووبوونی جەستە، سەرئێشەی بەردەوام، پشت ئێشە و چەند نەخۆشییەکی تر، زانستی نوێ ئامۆژگاریمان دەکات، کە کاتەکانمان کەم بکەینەوە و ئەم رێنماییانە پیادە بکەین.

١- زۆر زوو چاو لەسەر یەک دانێ، چونکە بەمەش چاو تەڕ دەبێت هێندە ماندوو نابێت.

٢- لە مەودای هەر بیست خولەکێکدا بیست چرکە سەیری مەودایەک بکە کە بیست پێ لێتەوە دوور بێت.

٣- پێویستە ئەو شوێنەی کاری لێ دەکەی رووناکیی پێویستی هەبێ.

٤- وا باشترە رووناکی لە سەرەوەی کۆمپیوتەر بێت، نەک بەرانبەر کەسەکە.

٥- نابێت کۆمپیوتەر بەشێوەیەک دابنرێت کە رووناکیی پەنجەرە یان رۆشنایی دیکە تێیدا تیشک بداتەوە.

٦- پێویستە شاشەی کۆمپیوتەر ١٥-٢٠ پلە لەخوار چاوەکانتەوە بێت و پەنجا سانتیمەتریش لە چاوەکانتەوە دوور بێت.



# کام هەسارە لەبارە بۆ ژیان؟

ئا: نەواز



**گۆی** زەوی بەشوێنێکی لەبار دادەنرێ بۆ ژیان، چونکە نە زۆر گەرمە و نە زۆریش ساردە، زەوی نیشتیمانی ئێمەیە.

بەپێی زانیارییەکانی ئەم قۆناخەی زانایان، تاکو ئێستە گۆی زەوی تاکە شوێنە کە مرۆڤ و ڕووەک و ئاژەڵ و زیندەوەران دەتوانن تێیدا بژین.

ئاو بەشێکی زۆری سەر ڕووی زەوی دادەپۆشێ و زیندەوەران پێویستیان بەخواردنەوەی ئاوە.

هەوای دەوروبەری زەوی، بڕێک ئۆکسجینی تێدایە، کە بەشی هەناسەی زیندەوەران بکات.

هەندێک شوێنی سەر زەوی زۆر گەرمە، بۆ نموونە دارستانە کەمەرەییە باراناوییەکان.

هەندێک شوێنی تریشی زۆر ساردە، بۆ نموونە، کیشوەری جەمسەری باشوور (جەمسەری باشوور).

زەوی شوێنێکی لەبارە بۆ هەموو جۆرە گوزەرانێک، لە بچووکترین زیندەوەرەوە بگرە تا دەگاتە گەورەترینیان.



## بۆچی شێوەی مانگ دەگۆڕێ؟

أ- لەبەرئەوەی هەندێ بەشی دەکەوێتە بەر سێبەرەوە.

ب- چونکە بەهۆی گەرمیی خۆرەوە دەتوێتەوە.

ج- چونکە گرژ دەبێتەوە







بەهرە جەبار – سلێمانی

# شرێک





**شرێک**، دێوێکی ئازایە بە تەنیا ژیان دەباتە سەر لە دارستانێکی دوورەدەست، دوای ئەوەی ماڵ و کێڵگەکەی داگیر دەکرێت لە لایەن چەکدارانی پاشای وڵات کە پاشایەکی فێڵباز و خۆبەزلزانە، شرێک دەنێرێت بۆ ئازادکردنی شازادەیەکی بەندکراو لە لای ئەژدیهاییەکی ئاگرین، لەم گەشتەدا دەبێتە هاوڕێی گوێدرێژێکی زۆربلێ و شازادە جوانەکە لە بەند و کۆتی ئەژدیهاکە ڕزگار دەکەن، بەڵام پاشا فێڵبازەکە لە بری پاداشت چارەنووسێکی تری بۆ شرێک داناوە، ئایە پلانی پاشا سەردەگرێت؟ ئەی شازادە جوانەکە بۆ شرێک بە خۆشەویستی خۆی هەڵدەبژێرێ؟ شازادە چ ڕەوشتێکی شرێکی پێ جوانە لە گەڵ ئەوەی کە شرێک دێوە، نەک مرۆڤ؟

ئازیزان بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانە بە وردی تەماشای فیلمی شرێک بکەن.

**بەرهەمی**: ٢٠٠١.

**دەرهێنانی**: ئەندریۆ ئەدامسون، ڤیکی جێنسون.

**نووسینی**: ویلیام ستێگ.

**دەنگەکان**: مایک مایەرس، کامیرۆن دیاز، ئێدی مێرڤی.

**داهات**: ٢٦٧ ملیۆن دۆلار.







# شته پەسەندکراوەکان

ئا: دڵوار – هەولێر



دەزانی پەسەندترین شیرینی بەلای شەهێنەوە چییە؟ کێکی بەکشمیشە.



پەسەندکراوترین شوێن بەلای پرشنگەوە بەرزاییی نێو ئاسمانە لە نێو باڵۆنێک کە بەهەوای گەرم دەفرێت.



کابان کاتێک دڵخۆشە، کە دەرزی و دەزووی پێیە و کاری دەستی دەکات.



پەسەندکراوترین ڕەنگ بەلای شیرینەوە ڕەنگی سەوزە.



شنە حەزی لە گەمەی کێبەرکێیە لەگەڵ هاوڕێکانی.

ئەدی شتە پەسەندکراوەکانی تۆ چین؟





# شووتی

هاوڕێ عەبدوڵا – ڕەحیماوا

***شووتی*** (شفتی، شامی، زەبەش، شتی، شمتی) میوەیەکی شیرین و نایابە، زێدی ڕەسەنی وڵاتی هندستانە و لەوێوە گەیشتووەتە ئێران، بۆیە ئێرانییەکان تا ئێستا پێی دەڵێن هیندوانە.

شووتی میوەیەکی توێکڵ ئەستوور و قەبارە و شێوەی جۆراوجۆری هەن، ڕەنگی توێکڵەکەی زەرد یا سەوزی تێرە، ڕەنگی ناوەکەیشی سوور یا پەمەیی و هەندێک جاریش سپییە. شووتی دژی ڕشانەوە و هێڵنج دانەوەیە، بەتایبەت ئەو کەسانەی لە هاویندا هەتاوبردە دەبن، خواردنەوەی ئاوی شووتی لەگەڵ کەمێک گوڵاو زۆر بەسوودە، دژی هەوکردنی لەشە و خاوێنکەرەوەی ڕیخۆڵەکانە.

بەهۆی خواردنی شووتییەوە مرۆڤ تووشبوونی بەنەخۆشییە سەردەمییەکانی وەک شێرپەنجەی پرۆستات و نەخۆشییەکانی پیری وەک لەبیرچوونەوە (ئەلزهایمەر) دەپارێزێت. خواردنی دەنکەکانیشی گەر ورد بکرێن و لەگەڵ ئاوی شووتی بخورێنەوە، ڕیخۆڵە پاک دەکاتەوە و قەبزی لا دەبات.

پارێزی:

١. خواردنی شووتی بەزۆری زیان بەگەدە دەگەیەنێت و ئەوانەی توانای سێکسییان لاوازە نابێت شووتی زۆر بخۆن، چونکە کەمتری دەکات.

٢. زۆر خواردنی شووتی زیان بەسپڵ دەگەیەنێت.

# سماق

نەرمین عەلی – هەڵەبجە



درەختۆکەیەکی کوێستانیی کێوییە، ڕەنگی سوور یا قاوەیییە. تامی مەیلەو تفتە، بەڵام کاتێک پێدەگات ترش دەبێت. سماق پاش چنین و وشک کردنەوە و کوتان بۆ خۆشکردنی تام لەگەڵ چەندین خۆراک و چێشتدا دەخورێت.

زیاتر ئارەزووی هەوای فێنک و گڵی تێکەڵەیە بەزۆریش لە ناوچە ڕەقەن و زوورگەکاندا گەشە دەکات. سماق دژە ڤایرۆس و میکرۆبکوژە. ڕێگە لە نەشونماکردنی خانەکانی شێرپەنجە دەگرێت. ڕێگریشە لە بەردەم تووشبوون بەنەخۆشیی شەکرە و ڕێژەی شەکری ناو خوێن دادەگرێت. بۆ ئازاری پووک و ددان باشە. پلەی گەرمیی لەش دادەبەزێنێت. پاککەرەوەی خوێنە و خەستیی خوێن کەم دەکاتەوە.

خواردنی لەڕادەبەدەریشی دوور نییە ژەهراوی بوونی بەدوادا بێت. پێویستە سماق دوای وشککردنەوەی بخورێت.

سەرچاوە: مێرگ. ژ (٥٧)ی ٢٠١٠

# چۆن زامی درەختەکان چادەبنەوە

دێرین عەبدوڵلا - کەرکووک

ئایا بیرت لەوە کردووەتەوە کە لقی دارێک دارە بریندار دەکەیت و، چۆن ئەو دارە خۆی چاک بکاتەوە.
کە تۆ درەختێک بریندار دەکەیت نائاسایی لە لەشی ڕووەکەکە دەکەین دەکات و دروستکردنی نیشاستەی ڕوەکەکە جۆرە کەتیرەیەک دەردەکات برینەکە، وشک بوونەوەی کەتیرەکە لە گیاندارە بچووکەکانە کە دەچنە ناو ڕێگە لە بەهەڵمبوونی ئاو لەناو دارەکە هەڵدەستێت بە دەرکردنی کەتیرەی سپی برینەکە دەشارێتەوە.

دەبریتەوە ئەوا تۆ لەشی ئەو دەتوانێت تیماری خۆی بکات و

ئەوا گۆڕانکاریی هەناسەدانی زیاد کەم دەبێت. دوای ئەوە بۆ پڕکردنەوەی بۆ دەرکردنی ڕووەکەکەوە و دەگرێت. دوای ئەوە بەشێوەی تەپەتۆڕ

## لێدانی دڵ

ئالاْ عوسمان- کەسنەزان

**هەندێ** جیاوازی لەنێوان لێدانی دڵی مرۆڤەکاندا هەیە، کە پێویستە هەر یەکێ لەئێمە بیزانین بۆ نموونە، دڵی پیاو لە خولەکێکدا ٧٠ جار لێ دەدات، بەلام دڵی ئافرەت ٧٨ جار لێ دەدات، هەروەها دڵی هەرزەکارێک لە خولەکێکدا ٩٠ جار لێ دەدات و دڵی منداڵیش لە خولەکێکدا ١٠٠ جار لێ دەدات.



## فووکردن لە خواردن زیان بە تەندروستی دەگەیەنێ

ئاشتی عومەر - دارەتوو

**زۆر** جار کاتێک شیر یاخود هە[...] خواردنێک گەرم بێت، فووی لێ دەکەین، بۆ ئەوەی ساردی بکەینەوە، ئەمەش کاریگەریی خراپی بەسەر تەندروستییەوە دەبێ، چونکە لە جەستەی مرۆڤدا بەکتریای سوودبەخش و زیانبەخش هەن بۆیە کاتێک فوو لە خواردنەکە دەکەی، هەندێ بەکتریای سوودبەخش لەگەڵ ئەو هەوایە لە دەمەوە دەردەچێ و دەگاتە ئەو خواردنە یاخود ئەو شیرە گەرمە و دەبێتە بەکتریایەکی زیانبەخش و زیان بە تەندروستیت دەگەیەنێ.



# جاکی شان

ئا: شووشە کاوە- هەولێر



جاکی شان لە ساڵی ١٩٥٤ لە هۆنگ کۆنگ لەدایک بووە. لە تەمەنی شەش حەوت ساڵییەوە هونەری کۆنگ فۆی خوێند، لە فێرگەی ئۆپرا ڕاهێنانەکان تا بڵێی قورس بوون و ژیانیش لەوێ قورس بوو. دەرهێنەرە سینەماییەکان دەیانویست جاکی ڕۆڵی بروس لی ببینێت یاخود لاسایی بکاتەوە، بەڵام ئەو حەزی بەمە ناکرد و دەیویست خۆی بێت و لاسایی کەس نەکاتەوە. جاکی دوای ئەوەی چووە دنیای هۆلیۆدەوە، وای لێهات بووە باشترین ئەکتەری ئاسیاویی. ئەمەش لە ڕێگەی تێکەڵکردنی کۆمیدیا و جووڵە و سەرکێشییەوە. جاکی جگە لە زمانی چینی زمانەکانی ئینگلیزی و ژاپۆنی و کۆرییش دەزانێت.

# لیۆنێل میسی

و: ئۆژین سەباح-کەرکووک



میسی لە ٢٤ی یۆنیۆی ١٩٨٧دا لە ئەرجەنتین لەدایک بووە. لە تەمەنی پێنج ساڵییەوە لەگەڵ یانەی (قراندۆلی)، کە باوکی بەڕێوەی دەبرد یاریی دەکرد. پزیشکەکان زانییان میسی کەمیی هۆرمۆنی ئێسکی هەیە، ئەمەش وای لێ دەکات نەشونما نەکات. بۆیە دەبێت نەشتەرگەریی بۆ بکرێت، بەڵام لەبەر گرانیی نەشتەرگەرییەکە نە یانەکە و نە کەسوکارەکەشی نەیانتوانی ئەنجامی بدەن، ئەوەبوو یانەی بەرشەلۆنە خەرجیی ئەو نەشتەرگەرییەیان گرتە ئەستۆ و چارەسەریان کرد.
لە یەکەم دەرچوونی میسی بەفانیلەی بەرشەلۆنەوە پێنج گۆڵی کرد. لە ئەنجامی ئەو میهرەبانییەی بەرشەلۆنە لە بەرانبەر میسی، ئەویش ٣٧ گۆڵی بۆ تۆمار کردن. میسی توانیی ڕابەریی ئەرجەنتین بکا و لە پاڵەوانێتیی جامی جیهاندا بۆ لاوان بیباتەوە. بەمە تۆپی زێڕینی بۆ باشترین یاریکەر وەرگرت و پێڵاوی زێڕینیشی بۆ گۆڵکەری پاڵەوانێتییەکە وەرگرت. ئێستا میسی لەگەڵ مارادۆنادا بەراورد دەکرێت و بەماردۆنای دووەمی ناو دەبەن. باشترین یاریزان بەلای میسییەوە پاپلۆ سیزار ئیمارە و زۆر پێی سەرسامە و لاسایی یارییەکانی ئەو و هەنگاونان و شێوەی گەمەکردنی دەکاتەوە.



ڕۆشنا کەرکووکی

٤



# ئوردن

**ناوی وڵات:** شانشینی ئوردنی هاشمی

**پێگەی جوگرافیایی:** ئــوردن دەکەوێتــە ڕۆژئاوای کیشوەری ئاســیاوە، سووریا لە باکوور و فەلەســتین لە ڕۆژئاواوە دەوریان داوە، ســعوودیە دەکەوێتــە باشــوور و ڕۆژهەڵاتییەوە، لە باکووری ڕۆژهەڵاتیشــی عێراقە.

**ڕووبەر:** ٨٩ هەزار و ٢١٠کم دووجا

**ژمارەی دانیشـتوان:** ٥ ملیۆن و ٢٠٠ هەزار کەس

**چڕیی دانیشتوان:** ٥٨,٣ کەس لە کیلۆمەترێکی دووجادا

**پێکهاتەی ئایینی:** ٩٣,١٪ موسـڵمان و ٤,٨٪ کریستیان و ئەوانی تر ٢,١٪

**پایتەخت:** عەممان (یەک ملیۆن و ١٨٣ هەزار کەسی تێدا دەژی)

**گرینگترین شـارەکانی:** زەرقا، ئەربد، سەڵت، ڕەسیفە

**جۆری فەرمانڕەوایی:** شاهانەی دەستووری

**دراو:** دیناری ئوردنی

**زمان:** عەرەبی

**گرینگترین هەناردەکانی:** فۆسفات، پۆتاسیۆم، میوە و سەوزە، تووتن

**گرینگترین هاوردەکانی:** کەرەستە و ئامێری کارەبایی، پێداویستییەکانی گواستنەوە، سووتەمەنی

**کات:** گرینچ + ٢

**مێژووی بە ئەندام بوونی لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا:** ١٩٥٥












# زمانە زیندووەکانی جیهان

ئا : چیا لەشکر – هەولێر



**مرۆڤــی** ســەر ڕووی زەوی بەژمارەیەکی زۆری زمان قسە لەگەڵ یەکتری دەکەن. هێندێک لەو زمانانە زۆر بڵاون و سەدان ملیۆن کەس قســەیان پێ دەکەن وەکو ئینگلیزی و فەرەنسایی و هینــدی و چینی. هەندێکی تریشــیان دەتوانیــن بڵێین زمانی خۆجێیین و تایبەتــن بەناوچەیەکی دیاریکــراوەوە، وەکو ئەو زمانەی دانیشتووانی مەدەغەشقەر و دورگە دوورەکان قسەی پێ دەکەن.

## زمانە باوەکانی دنیا :

× زمانی چینی: لە چیندا بڵاوە و بەزمانی ماندارین ناسراوە.
× زمانی ئینگلیزی: لە دورگەکانی بەریتانیا و ئەمەریکای باکور و ئوستراليا و باشووری ئەفریقیا قسەی پێ دەکەن.
× زمانی هیندی: لە هیند و پاکستان.
× زمانی ئیسپانیایی: لە ئیسپانیا و هەردوو ئەمەریکای ناوەڕاست و ئەمەریکای باشوور.
× زمانی عەرەبی: لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و دوور و وڵاتانی باکوری ئەفریقیا.
× زمانی پورتوگالی: لە پورتوگال و بەرازیل.
× زمانی ژاپۆنی: لە ژاپۆن.
× زمانی بەنگالی: لە بەنگلادیش و هیندستان.
× زمانی فەرەنسایی: لە فەرەنسا، بەلجیکا، سویسرا و بەشێکی ئەفریقیا.
× زمانی ئەڵمانی: لە ئەڵمانیا و نەمسا.

**زمانــی کوردیــش** کــە لــە عێراق، ئێران، ســووریا، تورکیا و بەشــێکی ئەرمینیــا و لوبنان قســەی پێ دەکەن، لــە عێراقدا بەزمانێکــی فەرمیی وڵات دێتە ژمــاردن. وەک چــۆن لە زۆر وڵاتی تــری دنیاشــدا زیاتر لە زمانێــک بووەتە زمانی فەرمیی وڵاتەکە، بۆ نموونە: سویسرا.

## ساڵ بەژمارە

ئا : شاگوڵ ئازاد / دووبز

لە خولەکێکدا ٦٠ چرکە هەیە و لە سەعاتێکیشدا ٦٠ خولەک هەیە ، واتە سەعاتێک ٣٦٠٠ چرکەیە .
لە ڕۆژێکدا ٢٤ سەعات هەیە و هەفتەیەکیش ٧ ڕۆژە ، واتە هەفتەیەک ١٦٨ سەعاتە .
لە ساڵێکدا ١٢ مانگ هەیە و لە مانگێکیشدا ٤ هەفتە هەیە ، واتە لە ساڵێکدا ٥٢ هەفتە هەیە .
لە ســاڵێکدا ٣٦٥ ڕۆژ و نێزیکەی ٦ ســەعات هەیە، لە ٤ ســاڵ جارێکدا مانگی شــوبات دەبێتە ٢٩ ڕۆژ، ئەویش بەکۆکردنەوەی ئەو ٦ ســەعاتانە، کە دەکاتە ڕۆژێکی تەواو، بەو ساڵەشــی کە شوباتی تێدا ٢٩ ڕۆژە دەگوترێت: ساڵی پڕ.
سەدەیەکیش ١٠٠ ساڵە.

# مێژووی تۆپی پێی ئافرەتانی ئینگلتەرا

ئا: پۆلا لەشکر – هەولێر



**زۆر** کەس لەو بڕوایەدان، کە تۆپی پێ وەرزشێکی نامۆیە بۆ ئافرەتان لەبەرئەوەی هێز و وزەیەکی زۆری پێویستە، ئافرەتان درەنگ بیریان لە ئەنجامدانی یارییەکە کردووەتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا هەندێک ڕاپۆرت ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە ئافرەتان لە ساڵی ١٧٩٠وە تۆپی پێیان کردووە.

یەکەمین یاریی تۆمارکراویش لە ساڵی ١٨٩٢دا بە سەرپەرشتیی یەکێتیی تۆپی پێی سکۆتلاندا ئەنجام دراوە، بەڵام بەریتانیا ویستی ئەم جۆرە وەرزشە تەنیا بۆ پیاوان قۆرخ بکات و ڕێگەی بە ئافرەتان نەدا تۆپی پێ بکەن.

لە ساڵانی جەنگی جیهانیی یەکەمدا ئافرەتانی کارگەیەکی بەریتانی کە خاوەنەکەی سکۆتلەندی بوو بۆ سەلماندنی تواناکانی ئافرەتان لەم بوارەدا، تیپێکیان دامەزراند و یارییەکیان لەگەڵ تیپێکی تۆپی پێی پیاوانی هەمان کارگەدا کرد و لێیانیان بردنەوە.

لەو ڕۆژەوە ئافرەتانی ئەو تیپە ناوبانگیان لەنێو خەڵکدا پەیدا کرد و هەڵمەتی کۆکردنەوەی کۆمەکیان دەست پێکرد و دەستکەوتی یارییەکانیان بۆ هاوکاری کردنی هەژاران دەبەخشییەوە.

لە یارییەکی سەرنج ڕاکێشدا لە هەڵبژادەی ئافرەتانی ئینگلتەرا لە هەڵبژادەی ئافرەتانی سکۆتلەندایان بە ئەنجامی ٢٢ بە هیچ بردەوە و ٥٣ هەزار کەس یارییەکەیان بینی، بەڵام ئافرەتانی ئینگلتەرا تووشی کۆسپێکی گەورە بوون کاتێک یەکێتیی تۆپی پێی ئەو وڵاتە لەبەر زۆریی ژمارەی هاندەران، ڕێگەی نەدا چیدی هەڵبژادەکانی ئافرەتان یاری بکەن.

لە ساڵی ١٩٦٩دا یەکێتیی تۆپی پێی ئافرەتان دامەزرا، ساڵی ١٩٧١دا یەکێتیی تۆپی پێی ئینگلتەرا گەمارۆی لەسەر ئافرەتاندا هەڵگرت و لە ساڵی ١٩٨٤یشدا بۆ یەکەمین جار پاڵەوانێتیی تۆپی پێی ئافرەتانی ئەوروپا ساز کرا و لە ساڵی ١٩٦٦دا ئافرەتانی ئینگلتەرا پاڵەوانێتیی مۆندیالیان بەدەست هێنا.







## هەڵبێنە

– زیندوو مردوو دەکا، مردوو زیندوو دەکا.

– شەلی قولی بێ مووە، قرقرەی لە دووە.

– هێلکە ماتێ، کەس نایگاتی.

– هەتا بیخۆیت زیاد دەبێت.

– هێلکەی قازی لە هەورازی.



## بۆ زاخاوی مێشك

کوردستان محەمەد – کەرکووک

## ئایا دەزانی ؟

– کونەپەپوو لە کاتی فڕیندا بەردەوام دەخوێنێ

– ماسی لە ئاودا بەردەوام دەمی دەکاتەوە

– کە غۆریللا تووڕە دەبێت بە هەردوو دەستی دەدا لە سینگی

– کۆئەندامی هەناسەدان لە فیلدا کەپوویەتی

– شەمشەمەکوێرە لە کاتی خەوتندا بە قاچەکانی خۆی هەڵدەواسێ



بەم وشانە ئەم بۆشاییانەی خوارەوە پڕکەرەوە

کۆن ، دراو ، درۆ ، دەست ، حەسەن

– دەست.........دەناسێ .

– ....... کەری فەقیرە .

– شەڕ بە شیر مامەڵە بە......... .

– قەرز.........دەبێ نافەوتێ .

– کەچەڵ حەسەن.........کەچەڵ .

# نووسەر بچکۆلەکانی گۆواری حاجیلە

## باخچەکەمان

چاوان نوورەدین هاشم

باخچەکەمان زۆر خۆشە
دڵمان بۆی بە پەرۆشە
باخچەکەمان رازاوە
تارای جوانی هەڵداوە
گوڵی بۆن خۆش و جوانە
بۆنی عەتر و گوڵانە
دیمەنی جوان و رەنگینە
زۆر پاک و زۆر بەرینە
یاریی لە ناودا دەکەین
دەستکاریی هیچی ناکەین
دەی تۆش هەروەک ئێمە
وریای خاوێنییەکەی بە
مەهێڵە هەرگیز پیس بێ
خاوێن بێ با دڵگیر بێ

## هەنگ

سوورێن جبرائیل-١٢ ساڵ

ئەی هەنگی بچکۆلە و جوان
هەمیشە لەنێو گوڵان
شیلەی گوڵ دەچنێتەوە
هەلالە دەگوێزێتەوە
دەیکەی بە هەنگوینی خۆش
ئێمەش جوان جوان دەیکەین نۆش
هەنگوینی تۆ دەرمانە
بۆ گشت مرۆڤەکانە
منیش وەک تۆ هەنگی جوان
دەکەم هەوڵ و تێکۆشان

## گۆڤاری حاجیلە

تاڤگە-کەرکووک






هەموو مانگێ چاوەڕێم
تا رووناکیت دەرکەوێ
توند لە ئامێزت دەگرم
پاک و خاوێن راتدەگرم
ئامۆژگاریمان دەکەی
لەشەڕ بەدوورمان دەکەی
یاخوا هەر پایەدار بیت
هەموو مانگێ هەر دیار بیت



## ئاڵا





ئەسما عەباس

ئاڵاکەم رەنگاورەنگە
زۆر پیرۆز و قەشەنگە
زۆر زۆر دڵگیر و جوانە
سەوزی بەهارێکی جوانە
سووری خوێنی شەهیدانە
سپی هێمای ئاشتییە
برایی و یەکسانییە
زەردی خۆرێکی جوانە
رۆشنکەرەوەی ژیانە
ئا ئەم چوار رەنگە دێنین
ئاڵای پێ دەنەخشێنین
دەڵێین هەر رازاوە بێ
بەرز بێ گەشاوە بێ

## دارا و پێنووسەکەی





دارا عۆف – کەرکووک

هەبوو نەبوو، کورێک هەبوو ناوی دارا بوو لە پۆلی چوارەمی سەرەتایی بوو دارا بە باوکی گوت: باوکە وەرە بۆ قوتابخانە سەرێکم لێدە و بە مامۆستاکان بڵێ دارا زیرەکە؟

رۆژێکیان دارا دەرۆیشت بۆ قوتابخانە دایکی پێی گوت: دارا گیان هیچ شتێکت لەبیر نەچووە. دارا گوتی: نەخێر دایە گیان، بەڵام دارا پێنووسەکە و دادانەکەی نەبردبوو، لەبەر ئەوەی لەبیری چووبوو بیانبات.

دارا لە قوتابخانە لە وانەی یەکەمدا وانەی بیرکارییان هەبوو، مامۆستای بیرکاری ناوی مامۆستا عەدنان بوو.

مامۆستای وانە هاتە ژوورەوە و وتی: کتێب و دەفتەر و پێنووسەکانتان دەرکەن، دارا کتێب و دەفتەرەکەی دەرهێنا و ویستی پێنووسەکەی دەربهێنێت. بەڵام سەیری جانتاکەی کرد پێنووسەکەی تێدا نییە، لەو کاتەدا لە دەرگەی پۆلەکە درا. دارا سەیری کرد باوکیەتی پێنووسەکە و دادانەکەی بۆ هێناوە. دارا بەمە زۆر دڵخۆش بوو. هەموو جارێک کە دایکی دەیگوت هیچ شتێکت لەبیر نەچووە. دارا یەکسەر سەیری جانتاکەی دەکرد بۆ ئەوەی بزانێت هیچی لەبیر نەچووە.

لەرین – سلێمانی

## بمڕەنگێنە



## بمگەیەنە

چێنەر – سلێمانی







## قۆناخ بە قۆناخ وێنە بکێشە

نەجات عەبدوڵلا – کەرکووک




## نیوەکەی تری ئەم تووتییە بدۆزەوە

جەنان ڕەووف – کەرکووک



## گوتەی نێوداران

بەفرین بێباک – پردێ

- بیرورا گۆرینەوە لە شمشێر ڕاکێشان چاترە — ناپلیۆن
- لەگەڵ خەڵکی پێبکەنە نەک پێیان پێبکەنی — دیل کارنجی
- بەبێ گەشبینی جموجۆڵ سوودێکی نییە — جان بوجن
- لە خۆبایی بوون نیشانەی گەمژەییە — کونفشیۆس
- خۆبەزل زانین بەشی گەوجەکانە — هیرۆدۆتس
- هەڵەی خەڵکی وەک هەڵەکانی خۆت وەرگرە — فنلۆن
- خۆشەویستیی دایک هەرگیز پیر نابێت — دوریون
- چاوەکان هەرچەند گەورە بن ناتوانن خۆیان ببینن — شکسپیر
- ئاوەز ڕۆحی ئازادییە — لیبنتز
- بەختەوەر کەسێکە. شادیی خەڵک بە هی خۆی بزانێت — گۆتە

## چاوتیژی



بە وردی بڕوانە ئەم وێنیە. چی دەبیبیت ؟!



ئەم خاڵە سوورە لە پێش یان لە پاش ئەم سندوقەوەیە؟

ئا : شیلان بەکر



## بیناسەوە

بەناز عوسمان–سەنگەسەر

سەر بە خێزانی گیاندارە خوێن ساردەکانە، پلەی گەرمای لەشی جێگیر نییە و بە پێی ئاو و هەوای دەورووبەری دەگۆڕێت. کاتێ پلەی گەرما دادەبەزێت، پلەی گەرمای لەشی ئەمیش دادەبەزێت و فەرمانە جەستەییەکانی خاو دەبنەوە. بە درێژایی وەرزی زستان بۆ ئەوەی خۆی لە مردن بەدوور بگرێت بە قووڵایی ٦٠ سانتیمەتر دەچێتە نێو ئاو و لەناو قوڕ و لیتەدا خۆی حەشار دەدا. ئەم پشوودانە پێی دەگوترێت: سڕبوونی زستانە، لەم ماوەیەدا جەستەی خاو دەبێتەوە و لووت و چاو و دەمی دادەخرێن و لە ڕێگەی پێستەوە هەناسە دەدات و شەکری جگەری بەکار دەهێنێت بۆ ئەوەی بژێت.

لە کۆتایی زستاندا بەهۆش دەێتەوە و لەنێو قوڕ و لیتەوە دێتە دەرەوە.

کە پلەی گەرما بەرز دەبێتەوە گۆماوەکان وشک دەکەن ناچار ڕووەو جێگە شێدارەکان مل دەنێت و لەوێ جێگیر دەبێ و سڕبوونی هاوینەی دەست پێدەکات تا کاتی باران بارین...

ئەم داماوە کام لەم گیاندارانەیە: قرژاڵ ، ماسی، بۆق؟

## بیگەیەنە



ئایە دەتوانی ڕێباز بگەینیتە کەناری ڕووبارەکە؟

نەجات عەبدوڵڵا
کەرکووک


خاوەنی ئیمتیاز
بەدران ئەحمەد حەبیب
سەرپەرشتیار
مەلا شاخەوان
سەرنووسیار
حەمە سەعید زەنگنە
٠٧٧٠١٣١٠٥٤٢
hamatal_ z@yahoo.com
جێگری سەرنووسیار
نەبەز ڕۆستەم
ڕاوێژکار
ڕێواس ئەحمەد
بەڕێوەبەری هونەری و نەخشەسازی
پەروەر
تایپ
دلێر ڕەفیق
ناونیشان
کەرکوک – شەقامی کۆماری
تەلاری صیدلی فخری


## وەلامی ژمارەی پێشوو

**ل٦**
**ڕەنگەکان:** کەوەیی، پەمەیی

**ل١١**
**خەڵات:** ژنی باراشهێرەکە کە ئاشەوانەکەیە بۆیە دەبن بە سێ کەس
**مەتەڵ:** سێو

**ل٩**
١+١٦=١٧ / ١×١٦=١٧

**ل٣٢**
من چیم: زەیتوون
یاریی شقاتە: تەڵێک لە نیشانەی کۆیەکە هەڵدەگرین لەسەر پانزەکەی دادەنێین دەبێت بە ١٩ / ٢٥–١٩=٦

**ل٣٦**
وشەی بزر: بنیامین
شیکاری: خورخورە
شرۆڤە: مامۆستا

## جێگۆڕکێ

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 2 | 1 | 6 | 5 | 3 |
| 5 | 3 | 6 | 1 | 2 | 4 |
| 6 | 4 | 5 | 3 | 1 | 2 |
| 2 | 1 | 3 | 4 | 6 | 5 |
| 4 | 6 | 2 | 5 | 3 | 1 |
| 3 | 5 | 4 | 2 | 4 | 6 |

جێگۆڕکێ بە دوو ژمارە بکە تا بە شاقوولی و ئاسۆیی کۆی ڕیزەکان بکەنە ٢١

ئاڤان جەمال- بازیان

## ئەم مێژووە لەبەرکە

ڕێبوار زەنگنە-کەرکووک

پاش ئەوەی هێڵەکان دەگەیەنی بەیەک بۆت دەردەکەوێ لەو مێژووەدا پیاوێکی گەورە لەم وڵاتەدا بەجێی هێشتووین، خۆشت یەکسەر ناوەکەی لێرەدا بنووسە.




## یاریی شقارتە

ڕۆژ دلێر - کەرکووک

جێگۆڕکێ بە یەک تەڵە شقارتە بکە تا ئەنجامی هاوکێشەکە بکاتە سفر .






## هاوبەشی

لەنێوان ئەم دوو وێنەیەدا پێنج شتی هاوبەش هەیە .

دلێر - چەمچەماڵ







گۆران قادر - کەرکووک

## جیاوازی





سۆنیا مارف - سلێمانی

١٠ جیاوازی لە نێوان ئەم دوو وێنەیەدا بدۆزەرەوە.

# وشەی بزر

داستان محەمەد –کەرکووک

دوای ئـەوەی بە هێڵێکی دروسـت ئـەو نێوانـەی لای خـوارەوە کوێـر دەکەیتەوە، ناوێکت بۆ دەمێنێتەوە لە پێنج پیتان پێک هاتووە، گوندێکی کوردستانە

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ب | ه | ن | گ | ی | ن | ب | ب | ب |
| ب | ۆ | ت | ا | ن | ب | ڕ | ۆ | ه |
| ب | ه | ھ | ێ | ز | ه | و | ک | ر |
| ب | ا | ھ | ۆ | ز | ڕ | ا | ا | ه |
| ب | ب | ب | ب | ت | ێ | ا | ن | ڤ |
| ێ | ا | ه | ا | ا | ز | ن | ت | ا |
| ژ | ر | ر | ی | ب | ژ | ا | ر | ن |
| ه | ا | ک | ه | ب | ا | و | ه | ڕ |
| ن | م | ر | خ | ب | ا | ز | ا | ن |

بەنگین، بەرەڤان، بۆکان، باوەڕ، بـازان، بایـەخ، بەرگـر، بـارام، بێـژەن، باهـۆز، بەهێـز، بەڕێز، بۆتان، بڕوا، بژار.

# دیاری

ناوی ئـەم باڵندانـەی لای خوارەوە لـە خانەکاندا بسـرەوە نـاوی باڵندەیەکت بـۆ دەمێنێتەوە ئەگەر زانیت شـەش مانگ گۆڤارەکەمان بەدیاری دەگاتە دەستت.

ئاشنا عومەر–چەمچەماڵ

( کەو ، سوێسکە ، قولینگ )

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| س | و | ق | ك | ه | ه | ت | خ | ڵ | ی |
| س | و | ێ | ك | ه | ا | ن | ن | ڵ | ن |
| ش | و | ێ | ه | ه | ه | ڵ | ھ | و | گ |

# شیکاری

تانیا وەلی –چەمچەماڵ

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 3 | + | 2 | = | |
| 1 | + | 6 | = | |
| 12 | - | 4 | = | |
| 5 | + | 9 | = | |
| 13 | - | 6 | = | |
| 11 | - | 6 | = | |
| 4 | + | 3 | = | |
| 9 | + | 6 | = | |

نـاوی یەکێـک لـە شـارۆچکە ڕەنگینەکانـی کوردسـتانە.تۆش پاش شـیکارکردنی ئەم هاوکێشەیە بزانە کامە شارەیە؟؟.

| | | |
|---|---|---|
| ه | = | 7 |
| گ | = | 14 |
| س | = | 5 |
| ن | = | 7 |
| ر | = | 15 |
| ن | = | 8 |



# ڕامان

ئەستێرە عەلی – سلێمانی

| | | |
|---|---|---|
| 3 | 36 | 12 |
| 6 | 30 | 5 |
| 4 | 28 | ?? |

ئەو ژمارە نادیارەی بۆشاییەکە چەندە ئەگەر ژمارەی بازنەکانی ڕاست و چەند لێکدی بدەین

# ماتماتیک

شەوبۆ سەعدوون
خانەقین

قەڵەڕەشێک باڵێکی لەلایەن ڕاوچییەوە پێکرابوو نەیدەتوانی بفرێ، تەماشای ئاسمانی کرد پۆلێ قەل بەبان سەرێوەن، دوای سلاّو کردن پرسیاری کرد ئێوە چەندن؟ یەکێک لە قەلەکانی ئاسمان گوتی: ئێمە + ئێمە + ½ ئێمە + ¼ ئێمە بەتۆوە دەکەینە ١٠٠ ئایا ئەو پۆلە قەلە ڕەشە چەندن.

# ژمارەکانی سەرووی ملیۆن

چیمەن عەلی – کەلار

– ملیۆن: ژمارە (١) دواتر (٦) سفر لە پێشیدایە ١,٠٠٠,٠٠٠
– ملیار: ژمارە (١) دواتر (٩) سفر لە پێشیدایە ١,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠
– بلیۆن: ژمارە (١) دواتر (١٢) سفر لە پێشیدایە ١,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠
– بلیار: ژمارە (١) دواتر (١٥) سفر لە پێشیدایە ١,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠
– تریلیۆن: ژمارە (١) دواتر (١٨) سفر لە پێشیدایە ١,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠
– تریلیار: ژمارە (١) دواتر (٢١) سفر لە پێشیدایە ١,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠
– ئەلکدریلیۆن: ژمارە (١) دواتر (٢٤) سفر لە پێشیدایە ١,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠
– ئەلکزیلیار: ژمارە (١) دواتر (٢٧) سفر لە پێشیدایە ١,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠
– ئەلسنکلیۆن: ژمارە (١) دواتر (٣٠) سفر لە پێشیدایە ١,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠

## هاوڕێیانی حاجیله


هیوا محەمەد


ئاڤان


ئەرشا مەهدی


نور فەرهاد


میدیا مەهدی


چۆپی نیسماعیل


قادر دانا


دینە وشیار


ڕەوا وشیار





# منداڵانی کوردستان له زاخۆوه تاکو خانەقین

## خێوەتگەی زاوێته



من **ئەیاز یوسف جەمال** م و تەمەنم ١١ ساڵه، له زاخۆ دادەنیشین له قوتابخانەی تیرووژ دەخوێنم، زۆر سوپاسی مامۆستا هونەر دەکەم زۆرمان دەگەڵ ماندوو دەبێت، حەز دەکەم له ئاندەدا ببم به شێوەکارێکی مەزن.



من **وەنەوشە خەسرەو** م تەمەنم دە ساڵه، دانیشتووی شاری سلێمانی خۆشەویستم، هەموو منداڵانم خۆشدەوێ، شێوەکارم تائێستا سێ جار بەشداریم کردووه له پێشەنگای نێو دەوڵەتی پایتەختی کوردستان له هەولێر، هیوادارم له داهاتوودا ببم به شێوەکارێکی به توانا و زیاتریش بایەخ به (زەغرەفە)دەدەم.



**ئاڤەند فەرەج محەمەد** م تەمەنم دوازده ساڵه پۆلی شەشی سەرەتایم له قوتابخانەی (گری قەسرۆکە)پارێزگای دهۆک ئارەزووم له وێنەکێشانه ماوەی ساڵێک دەبێ وێنه دەکێشم خەونی منه ببم به وێنەکێش وێنەکانم گوزارشت له سروشت دەکەن داواکارم مافەکانمان پێشێل نەکرێ، بەتایبەتی منداڵانی کەرکووک زۆر حەز دەکەم کەرکووک بینم سوپاس.



من **لینا**م تەمەنم ١٠ ساڵه پۆلی چوارەمی سەرەتاییم له قوتابخانەی (بلێ) له بارزان ، حەز به وێنەکێشان دەکەم لەو کاتەوەی که وێنەدەکێشم هەمیشه وێنەی گولم کێشاوه بەتایبەتی لەوەرزی بەهاردا هەروەها وێنەی چیا و دارستانیش بەلام زۆر نا هیوادارم هەموو منداڵانی کوردستان وێنەی گوڵ بکێشن بەسەر فرازی له کوردستان بژین داواکارم له دایکان وباوکان ئەو منداڵەی حەز به وێنه دەکەن نەبنه ڕێگریان چونکه منداڵ وەک گوڵ وایه با وێنەی گوڵ بکێشن سوپاس بۆ گۆڤارەکەتان .

ئاماده و فۆتۆ : خاڵدار قەواڵی